## بەشی یەکەم: قۆناغە مێژووییەکانی سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی دەروازەیەکی مێژوویی

ئاشکرایە کۆمەڵناسی وەك زانستێکی سەربەخۆ مێژووی دروستبوونی لە چەند سەدەیەك تێپەڕ نابێت، بەڵام ئایا ئەمە ئەو واتایە دەگەیەنێت کە مرۆڤایەتی بەر لەو ماوەیە بایەخی نەدابێت بە پرس و بابەتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی؟ لە راستیدا مرۆڤایەتی هەر لە کۆنەوە بایەخیان بە بابەتگەلێکی پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان داوە، کە لەم رۆژگارەدا بابەتی توێژینەوەی زانستین. بایەخدان و لێوردبوونە لەوەی کە پەیوەستە بە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانەوە، بە سەرەتای سەرهەڵدان و گەشەکردنی هزری کۆمەڵایەتی لە مێژووی مرۆڤایەتییدا دادەنرێت، بەتایبەتی لە خۆرهەڵاتی کۆندا کە چوارچێوە و شێوەیەکی ناڕێکخراوی لەسەر ئاست و بەرژەوەندی تاکەکەسی هەبووە، کە دواتر لە لای گریکە کۆنەکان شێوە و چوارچێوەیەکی رێکخراوی بەخۆوە گرت لە چوارچێوەی فەلسەفەدا لەمیانەی کارە فەلسەفییەکانی فەیلەسوفانی یۆنانی کۆن لەوانە ئەفلاتۆن و ئەرەستۆ و .....هتد .

کەواتە دەکرێ بڵێین سەرەتای سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بیری کۆمەڵایەتی سەرەتایەکی رێگەخۆشکەر بوون لەبەردەم دەرکەوتنی خەیاڵی سۆسیۆلۆژیانە لەوێنەی ئەوەی ئەفلاتۆن لە کتێبەکەی (کۆمار)دا روئیایەکی وێناو فۆرمەلەکرد لەبارەی چاکسازیکردنی کۆمەڵگە. کۆمەڵناسی و ئەوەی بابەتی توێژینەوەیە لە کۆمەڵناسیدا، بەشێك بووە لە فەلسەفە، کەواتە قۆناغە مێژووییەکانی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی هزرە کۆمەڵایەتییەکان، کە زیاتر مۆرکێکی کۆمەڵایەتی – سیاسیی فەلسەفیانەیان هەبوو، درێژترین قۆناغن لە مێژووی خەیاڵکردنی کۆمەڵناسانە. بەڵام دواتر و بەهۆی گۆڕانی رەوش و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و زانستی و هزری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، وردە وردە کۆمەڵناسی سەربەخۆیی خۆی لە فەلسەفە وەك باقی زانستەکانی دیکە، وەرگرت. ئەوەی لەم نێوەندەشدا رۆڵی هەبوو، سێ فاکتەری سەرەکیین، کە بریتیین لە:

١-پێشکەوتنە ئابووری – کۆمەڵایەتییەکان، ئەم ماوەیە بەر لە سەدەی یانزەهەم دەست پێدەکات تا سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی و هاتنەکایەوەی سستمی سەرمایەداری هاوچەرخ و لەنێوچوونی سستمی دەرەبەگایەتی کۆن. ئەم پێشکەوتنانە کە هۆکارێك بوون بۆ پشێویی گەورە لە سستمی کۆمەڵایەتییدا، لەو نێوەندەشدا کۆمەڵناسی وەك پەرچەکردارێکی قەیرانەکان لە سستمی کۆمەڵایەتییدا سەریهەڵدا لەمیانەی خستنەڕوو و چارەسەری پێویست.

٢-پێشکەوتنە سروشت فکری – ئاینییەکان: هاتنەکایەوەی سیستمی سەرمایەداری لەدوای لەنێوچوونی سیستمی دەرەبەگایەتی کۆن، پێویستی بە چەکێکی فکری هەبوو تاوەکو زاڵ بێت بەسەر پاڵپشتییە ئایدیۆلۆژی و فکرییەکانی سیستمی دەرەبەگایەتی. لەو نێوەندەشدا چاکسازییە ئاینییەکانی ئاینی مەسیحی و دەرکەوتنی مەزهەبی برۆتستانتی و هەرەسهێنانی کەنیسەی کاسۆلیکی کە لەگەڵیدا بەشی هەرە زۆری بەها و بیروبۆچوونە کۆنەکان پوکانەوە، لەوەوەش بەدوا شێوە و سروشتی ململانێ و بەرەنگاربوونەوەکان لە ئاینییەوە گۆڕان بۆ فەلسەفی، بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی فەلسەفەی رۆشنگەری لەپێناو رۆشنکردنەوەی عەقڵ و رزگارکردنی لە سەرلەبەری بیروبۆچوونە کاسۆلیکییەکان، کە بەلای فەلسەفەی رۆشنگەرییەوە نا عەقڵانی بوون.

٣-پێشکەوتنە سروشت سیاسییەکان: کە خۆیان لە شۆڕشی فەرەنسیدا دەبینییەوە و لە هزرە فەلسەفییەکانی رۆشنگەرییەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە شۆڕشگێران هەوڵی پراکتیزەکردنی پرەنسیپەکانی فەلسەفەی رۆشنگەرییان دەدا (یەکسانی و عەقڵانییەتی مرۆڤ و توانای ئاراستەکردنی مێژوو لە بەرژەوەندی خۆیدا، مافی رەخنەگرتن لەوەی لە دەوروبەریدا هەیە تا ئەندازەی یاخیبوون و شۆڕشکردن لە دژی ئەو سیستم و بارودۆخانەی لە دژی بەرژەوەندییەکاننی)، کەچی هەر زوو لەو نێوەندەدا دژیەکییەك دەرکەوت و پەرچەکردارێکی رۆمانسیانە دەرکەوت جەختی لەسەر پێچەوانەی ئەوە دەکردەوە، کە سەرەتا شۆڕشەکە هەوڵی پراکتیزەکردنی لە واقعدا بۆ دەدا. هەر ئەو بەگژداچوونەوە هزرییەی نێوان فەلسەفەی رۆشنگەریی و پەرچەکرداری رۆمانسیانەی پارێزگار کە لە بەهای مەشروعییەتی یاخود رەوایەتی شۆڕشەکەی کەم دەکردەوە، بایەخ و گرنگییەکی زۆری هەبوو لە سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی و باڵ یاخود رەوتە فکرییە جۆراوجۆرەکانیدا:

**یەکەم:** رەوتی ئەکادیمی کە تەبەنی ئاراستەی رۆمانسی پارێزگاری دەکرد و لەسەر دەستی (ئۆگەست کۆنت) و (ئیمیل دورکهایم) دامەزرا، کە جەختی لەسەر سەرەتا فەلسەفییەکانی دژ بە رۆشنگەری دەکردەوە لەمیانەی جەختکردنەوە لەسەر بایەخی سەقامگیریی کۆمەلایەتی و دوورکەوتنەوە لە شۆڕش و یاخیبوون.

**دووەم:** رەوتی رادیکاڵییە: کە لەمیانەی سەرەتا فەلسەفییەکانی رۆشنگەرییەوە سەرچاوەی گرت و پێشکەوت .

## ٢- دامەزران و دامەزرێنەرانـــی کۆمەڵناســـی بە پێـــی قۆنـــاغە مێژووییەکان.

لە قۆنـاغ و سـەرەتاکانی دروسـتبوونیدا سـان سـیمون S. Simon بـۆ ناونــانی کۆمەڵناســـی گوزارشـــتی فســـیۆلۆژیای کــۆمەلایەتی Social Physiologyبەکارهێنـا. ئەدۆلـف گێتلیـیەی بەلجیکـیش لە سـاڵی ١٨٣٨ دا کتێبێکی بە ناوی فیزیای کۆمەڵایەتی Social Physics بڵاوکردەوە. بەڵام دواتـر لە لایەن کۆمەلناسی فەرەنسـی (ئۆگەسـت کۆنت)ەوە چەمکی کۆمەڵناسـی Sociology، کە تـێکەڵە وشـەیەکە لەنێـوان زمـانی لاتینـی و یۆنـانی و لە دوو بەشـی Socio بە مانای کۆمەڵگە، Logyبەمانای لێتوێژینەوەی زانسـتی دێـت، بەکارهێنرا. بەو پێیەش کۆمەڵناسـی واتە لێتـوێژینەوەی زانسـتیانەی کۆمەڵگـا. لەسەرەتاشـدا رێکەوتنێکـی گشـتگیر نەبـووە لەنێـوان بیرمەنـدا لەسـەر نـاوی خودی ئەم زانسـتە، بەڵکو لە هەر قۆناغە ناوێکی تایبەتی هەبووە.

سـەبارەت بە قۆنـاغ و دامەزرێنەرانـی کۆمەڵناســی راو و بیروبۆچـوونی جۆراوجۆر و جیاواز هەن.

### قۆناغی یەکەمی دامەزرانی کۆمەڵناسـی :

بۆچوونگەلێـــك هەن پێیـــانوایە ســـەرەتای دروســـتبوونی زانســـتێك (کۆمەڵناســـــیی) دەگەرێـــتەوە بـــۆ ناوەڕاســـتی ســـەدەی ١٤ هەم و لەسەردەسـتی بیرمەنـدی عەرەیـی ئیـبن خەلـدوون (١٣٣٢ – ١٤٠٦) ز ئەم زانســتە دامەزرێنـراوە بەنـاوی (علـم عمـران البشـری)، کە بە بۆچـوونی ئەو دراسـەی ژیـانی کۆمەڵـایەتی بە هەمـوو کارلێکەکـانییەوە و لەگەڵ لێکـدانەوە واقـع و رەوشـــی کۆمەڵـــایەتی و مرۆڤـایەتی تـا ئەوەی ئەمـرۆ بە دیـاردە کۆمەڵایەتییەکـان ناودەبرێـت، دەکـات. گرنگتـرین بۆچوونەکـان ئەم بیرمەنـدە عەرەبییە لەو نێوەندەدا لەبارەی ئەمانەن:

١-بۆچوونەکـانی سـەبارەت بە مـرۆڤ: لەم بـارەیەوە پێیوابـووە، کە مـرۆڤ بە سروشـتی خـۆی بـوونەوەرێکی کۆمەڵـایەتییە، لەبەرئەوەی بە تەنهـا ناتوانێـت پێداویستییە هەمەجۆر و لەبننەهاتووەکانی دابین بکات تەنها لەرێـگەی ژیـان و هاریکاری لەگەڵ کەسانی دیـکەدا نەبێـت. بەڵـام ململانێـی ئارەزووەکـان، کە دەبێـــتە هـــۆی هاتنەکـــایەوەی نـــاکۆکی، هەر ئەمەشـــە وا دەکـــات، کە هاتنەکایەوەی حکومەت پێویسـتییەك بێـت لەپێنـاو بەرقەرارکردنـی ئاسـایشـی سیسـتمی کۆمەڵایەتی.

٢-بۆچوونەکـانی لەبـارەی پەروەردەوە: لەم بـارەوە جەختـی کـردۆتەوە لەسـەر ئەوەی کە پرۆسـەی پەروەردە و فێرکـردن پرۆسـەیەکی مـاوە درێـژە و لە سەرەتای ژیان تا کۆتـایی هـاتنی درێـژە دەکێشـێ. و دەبـێ لەم پرۆسـەیەدا تواناکانی فێرخوازان لەبەرچاو بگیرێـت لەگەڵ پیـادەکردنی گونجـاوترین رێـگە و شـێواز و پەروەدەکـردن لەڕووی فێرکـردن مـامەڵەکردن لە هەڵوێسـتە جیاوازەکاندا.

٣-بۆچوونەکانی سەبارەت بە سەرهەڵدانی شارسـتانییەت و دەوڵەتەکـان: ئەو بیرمەنـدە جەختـی کـردۆتەوە لەسـەر حەتمییەتـی مێژوویـی سـەرهەڵدان و لەنێوچـوونی شـارسـتانییەت و دەوڵەکـان و تیشـکی خسـتۆتە سـەر پرسـی وابەستەیی کۆمەڵایەتی و ململانێ، کە لەو نێوەندەدا پێی وابـووە کۆمەڵگـای وابەستە زیاتر دەتوانێت بمێنێتەوە، بە پیچەوانەوە کۆمەڵگایەك تیایـدا ململانـێ زۆر بێـت زۆرتـر نـزیکە لە لەنـاوچوون. پێشـیوابووە، کە کۆمەڵگـای مرۆیـی بەشێوەیەکی گشـتی بە سـێ قۆنـاغی سـەرەکیدا دەگـوزرێن (دروسـتبوون هاوشـێوەی قۆنـاغی منـداڵێتی مـرۆڤ، پێگەیشـتن هاوشـێوەی قۆنـاغی گەنجێتی مرۆڤ، لەنێوچوون هاوشێوەی قۆناغی پیربوون و مردن).

٤-بیروبۆچوونەکانی لەبارەی ئابورییەوە: لەم بارەیەوە تیشـکی خسـتۆتە سـەر گـۆڕان لە پێداویسـتییەکانی خەڵـك و ویسـتی پێداویسـتییەکان لەرووی پێداویستییە سـەرەکی و پێداویسـتییەکانی لاوەکییەکـان (کمالیـات) هاورێـك لەگەڵ ئەو قۆناغەی کۆمەڵگـاکە تێیـدا دەژێـت بەڕادەیەك کە کۆمەڵگـا تـا پـێش بکەوێـت، ئەوا زیـاتر بەکـاربەری پێداویسـتییە لاوەکییەکـان دەبێـت. ئەمە جیـا لەوەی پـڕژاوەتە سـەر باسـکردن لەسـەر بـایەخی ئـابووری سـەبارەت بە سیاسەت و سیاسەتوانان و چۆنێتی مامەڵەکردنیان لەو نێوەندەدا.

٥-دەمارگیریی و ململانێی نێوان شارنشین و بیابانشـینان: لەم بـارەیەوەش باس لە تایبەتمەندی سیفەت و ئەخلاق و بەهاکانی هەریەکە لە شارنشـین و بیابان نشیننان دەکات و لەگەڵ گرنگترین ئەو دژیەکییانەی لەنێوانیاندا هەن.

## قۆناغی دووەمی دامەزرانی کۆمەڵناسی :

بەلای رۆژئاواییەکانەوە، (ئۆگەسـت کۆنت)ی فەرەنسـی بە دامەزرێـنەری سـەرەکی کۆمەڵناسـی دادەنرێت لە ئەوروپا و رۆژئـاوادا، لەبەرئەوەی ئەو یەکەم کەس بـووە وشـەی (Sociology) بەکارهێنـاوە، بەتـایبەتیش لە سـەردەمی

ژیانی ئەو کۆمەڵگـای مرۆیـی جۆرێـك لە پشـێوی و گەنـدەڵی کۆمەڵـایەتی لە بوارە جیاوازەکاندا بەخۆوە بینی، ئەمەش بەهۆی گەندەڵیێ لە بواری ئاکـارەوە، کە ئەمەش دەبێتە هاتنەکایەوەی پشـێویەك لە شـێوازی بیرکـردنەوە و رێـگەی تێگەیشـتن. بـۆ ئەم مەبەسـتەش کۆنـت پێیوابـووە لە رێـگەی هێنانەکـایەوەی زانســـتێکی تـــایبەت بە لێتـــوێژینەوە لە کۆمەڵگـــا بەتـــایبەتی دیـــاردە کۆمەڵایەتییەکان، دەکرێ کۆمەڵگا لە نەهامەتی تەنگ و چەڵەمەو پشـێوییەکان رزگار بکرێت. لەبارەی بابەتی تویژینەوەی ئەم زانسـتەوە، کۆمەڵناسـی بەسـەر دوو بەشـدا دابەش کرد:

**یەکەم: دینامیکای کۆمەڵایەتی social dynamic** کە تایبەتە بە تـوێژینەوە لە رێسـاکانی جـوڵەی کۆمەڵـایەتی و پێشــکەوتنی کۆمەڵگاکـان لەوەی تـا چ رادەیەك کۆمەڵگاکان پەرەیان سەندووە.
**دووەم: ئیستاتیکای کۆمەڵایەتی:** توێژینەوە لە کۆمەڵگـا لە بـاری جێگیـردا و لە ماوەیەکی مێژوووبدا جێگیر دا.
هەروەهـا لە چوارچێـوەی تیۆرێکـدا راڤەی رەوتـی پەرەسـەندنی کۆمەڵگـای مرۆڤایەتی کردووە بەمشێوەیە:

**یەکەم قۆنــاغی یەزدتنـــی یــاخود تیۆلــۆژی (لاهــوتی)**: شــێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان زۆر سادە بووە و بۆ راڤە و لێکدانەوەی روودانی دیـاردە سروشــــی و کۆمەڵایەتییەکـــان، مرۆڤەکـــان پەنایـــان بـــردۆتە بەر هۆکـــار و هێزگەلێکــی ســەرووی توانــای مـرۆڤەوە. لەم قۆنـاغەدا هەر یەکە لە جـادو و ئایین رۆڵی گەوەرەیان لەو نێوەندەدا هەبووە.

**دووەم قۆناغی میتافیزیکی،** پێیوابووە لەم قۆناغەدا کە لە قۆنـاغی یەکەم پێشــکەوتوو تــرە، بــۆ لێکــدانەوەی هۆکــاری روودانــی دیــاردە سروشـــتی کۆمەڵایەتییەکان، مرۆڤ پەنای دەبردە بە پرەنسیپەکانی فەلسـەفە و ئەزمـوون و هێزگەلێکی سەرووی سروشـت.

**سێیەم قۆناغی زانستی:** پێیوابووە لەم قۆناغەدا مرۆڤ کار بە پرەنسـیپی لێرامـان و لێکـۆڵینەوەی زانسـتیانە و ئەزمـوون دەبەسـتێت بـۆ لێکـۆڵینەوە لە هۆکاری دیاردەکان.
هەر لەو سـەردەمەدا ( کـارل مـارکس )ی ئەڵمـانی (١٨١٨ – ١٨٨٣) ز وەك داکۆکیکــاری ســەرەکی لە رەوتــی شۆرشــگێری لە کــایەی کۆمەڵناســیدا، داکۆکی لەوە دەکرد، کە پێویستە ئەو زانستە (کۆمەڵناسـی) نـاوی (زانسـتی کۆمەڵگا) بێت. ئەو وەك فەیلەسوفێك زیـاتر لە بـواری کۆمەڵـایەتی و ئابووریـدا،

پێیوابوو پەرەسەندنی مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی لێکەوتی ململانێی ئابووری نێوان چینەکانە. هەر لەو نێوەندەشدا پێشکەوتنە ئابوورییی کۆمەڵایەتییەکان و دەرهاویشتەکانی شۆڕشی پیشەسازیی، رۆڵی سەرەکیان هەبووە لە گەڵاڵەکردنی بۆچوونەکانی و داڕشتنیان لە چوارچێوەی تیۆرێکدا بەناوی (ماتریالیزمی مێژوویی) بەتایبەتیش دوای زیاتر بەرچاوبوونی ململانێ و دژیەکییە چینایەتییەکان، کە پێیوابوو داینەمۆ و بزوێنەری سەرەکی کۆمەڵگان. هەروەها لە باسی ململانێی چینایەتییدا ئاماژەی بە چەمکی (لەخۆنامۆبوون) ((Alienation)) (داوە، کە لە ئەنجامی دروستبوونی دیاردەکانی وەك موڵکایەتی تایبەت و سەرمایە و حکومەت و دەوڵەت، کە لە داهێنراوەکانی مرۆڤن و مرۆڤ خۆی بووەتە کۆیلەی داهێنراوەکانی خۆی و لە خۆ نامۆ بووە لە رووی ئایینی، سیاسی، ئابوورییەوە. بەلای ئەوەوە مرۆڤ لە نامۆیی ئایینی و سیاسیی کاتێك رزگاری دەبێت، کە لە خۆنامۆیی لە رووی ئابوورییەوە تێبپەڕێنێت لەمیانەی شۆڕشی کرێکاران بەسەر سەرمایەداراندا، دەوڵەتێکی سۆسیالیستی کرێکاری بهێنێتە کایەوە.

بیرمەندێکی دیکە کە لەو قۆناغە رۆڵێکی دیاری هەبووە لە سەرهەڵدان و دروستبوونی کۆمەڵناسیدا (هەربەرت سبنسەر) (١٨٢٠ – ١٩٠٣) بوو بەتایبەتی لە دوای بڵاوکردنەوە کتێبێکی سێ بەرگی بەناوی کۆمەڵناسی لەماوەی ساڵانی (١٩٧٦ تا ١٨٩٦). هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بیری داروینیزمی کۆمەڵایەتی، کە زیاتر جەختی لەسەر پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و راڤەکردنی سەرلەبەری دیاردە کۆمەڵایەتییەکان هەر لەو سۆنگەیەوە، دەکردەوە لەژێر کاریگەری کارەکانی (چارلس داروین) دا. ئەو بەردەوام ئەوەی پشت راست دەکردەوە، کە کۆمەڵگا لە سادەیی و قۆناغی سەربازیخوازییەوە بەروە قۆناغی ئالۆزیی و بە پیشەسازیبوون هەنگاو دەنێ. پێشیوابووە، کە کۆمەڵگا هاوشێوەی ئۆرگانیزمی مرۆیی لە چەندین دامەزراوە و سیستم پێکدێت، کە هەر یەکەیان وەزیفەیەکی تایبەتی هەیە و هەمووشیان بەیەکەوە پەیوەست و تەواوکەری یەکترین. بیربۆچوونەکانی ئەم بیرمەندە رۆڵی گەورەیان گێڕا لە پێشکەوتنی کۆمەڵناسی و بەتایبەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، کە (لیستەر وارد)ی کۆمەڵناس ئەوەی نایشاردۆتەوە، کە زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو بیرمەندە.

## قۆناغی سێیەم: قۆناغی گەشەسەندنی کۆمەڵناسی:

هۆکارگەلێکی وەك گەشەکردنی لێکۆڵینەوە مرۆڤناسییەکان و ئەو زانیارییانەی لە بوارەکانی وەك مرۆڤناسی کۆمەڵایەتی و کولتوور لە لایەن گەڕیدەکان و کۆکردنەوەی زانیاری لە لایەن ئەوانەوە لەبارەی سەرلەبەری

ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و میللەتان و داب و نەریتییان، کە زەمینەی پەی پێبردنی هەمەجۆری کۆمەڵایەتی و ڕێژەییبوونی دیاردەکانی بۆ کۆمەڵناسان ڕەخساند. هەروەها گەشەکردنی تەکنەلۆژیا و کێشەکانی، بەتایبەتی شۆڕشی پیشەسازی، کە بووە هۆی دروستبوونی کێشەگەلێکی وەك فراوانبوونی شارەکان لە ئەنجامی کۆچکردنی خەڵکانێکی زۆر لە لادێوە بۆ شارەکان و لادانە کۆمەڵایەتییەکان .....هتد، کە بوونە جێی سەرنجی بیرمەندگەلێك لە کایەی کۆمەڵناسیدا. ئەمە و جیا لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و خێرتربوونیان لە ئەنجامی گەشەکردنی ئامرازەکانی پەیوەندی جەماوەری گواستنەوەی هەمەجۆر، کە بوونە هۆی زۆربوونی جموجۆڵ مرۆڤەکان و ئاڵۆزبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.....هتد. هەروەها زۆربوونی دانیشتوان: زۆربوونی دانیشتوان و کێشەکانی پەیوەست بەو پرسە و زۆربوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمانە هەمموو بوونی هۆی بایەخدانی زیاتر بە کۆمەڵناسی، لەو نێوەندەشدا کۆمەڵێك کۆمەڵناسی بە توانا دێنە مەیدان، کە ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە لە گەشەپێدانی ئەم زانستەدا.

ئەمیل دۆرکایمی) E. Durkheim ١٨٥٨ – ١٩١٧)(فەرەنسی، کە بە دووەم دامەزرێنەری سەرەکی کۆمەڵناسی دادەنرێت، زیاتر لەوەش بەلای هەندێ لە توێژەرەانی کۆمەڵایەتییەوە ئەو بیرمەندە دامەزرێنەری کۆمەڵناسییە وەك زانست، لەبەرئەوەی ئەو توانی کۆمەڵناسی لەژێر هەژموونی بیرکردنەوەی فەلسەفی دەربهێنێت، تاڕادەیەکی زۆریش دووری بخاتەوە لە کەوتنە ژێر کاریگەری زانستەکانی دەروونزانی و بایۆلۆژییەکان. هەروەها ئەو بیرمەندە ئەوەشی یەکلاکردەوە، کە دیاردەی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی دەروونی نییە وەك ئەوەی هەندێك لە دەروونناسان جەختیان لەسەر دەکردەو، بەڵکو ئەو دیاردەی کۆمەڵایەتی وەك فاکت و بوونێکی دەرەکی نیشاندا و بابەتەکانی کۆمەڵناسیشی وەك بابەتە سروشتییەکان بەرجەستە کرد. ئەو بیرمەندە جیا لەوەی یەکەم کەس بوو وەك زانستێك ئەم لقەی هێنایە ناو ناوەندەکانی توێژینەوەی زانستی و زانکۆکان. یەکێکیش بوو لەو کۆمەڵناسانەی ڕۆڵی گەورەی لە بەخشینی شەقڵی زانستی بە کۆمەڵناسی بینی و کاریگەرترین بەشداری فکری لەو نێوەندەدا هەبوو، بەتایبەتی بەهۆی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری کۆمەڵناسی فەرەنسی لە ساڵی (١٨٩٨) و نووسینی کتێبەکانی-:

**١-دابەشبوونی کاری کۆمەڵایەتی**، کە تیایدا جیاکاریی لەنێوان دوو جۆر کۆمەڵگادا دەکات، کۆمەڵگای میکانیکی (لادێی)، کە تیایدا دابەشبوونی کار شێوەی هەرە سادەی هەیە. کۆمەڵگای ئەندامی (شارستانی) کە دابەشبوونی کار تیایدا ئاڵۆزە. پێیوابووە کۆمەڵگا لە جۆری یەکەمیانەوە بەرەو

جۆری دووەم وەردەچەرخێت بەهۆی زیادبوونی دانیشتوانەوە. هاوکات لەگەڵ ئاماژە دان بە گرفتی پێوەر نەمان کە بەهۆی ئەو وەرچەرخانانەوە دێنە کایەوە، دوا جار دەبنە هۆی چەندین گرفت لەوانە خۆکوشتن کە لە توێژینەوەکەیدا لەم بارەیەوە بەو ئەنجامە گەیشت، کە رێژەی ئەو دیاردەیە لە لادێ کەمترە لەچاو شار بەهۆی بەهێزی وابەستەیی کۆمەڵایەتی لە لادێدا، کە لە شیکردنەوەشدا ئەمە دەگەڕاندەوە بۆ دەرهاویشتەکانی شۆڕشی پیشەسازی، کە بووە هۆی هێنانەکایەوەی گۆڕانکاری بەرچاو کاریگەر لە بنیاد و جۆر و قەبارەی خێزاندا، هاوکات زۆری رێژەی کۆچی لادێنشینان و دەرکەوتنی گرفتگەلێك.

٢-**رێساکانی میتۆد لە کۆمەڵناسیدا**، کە تیایدا تیشکی خستۆتە سەر دیاردەی کۆمەڵایەتی وەك بابەتی سەرەکی توێژینەوەی کۆمەڵناسی و دیاریکردنی سنووری توێژینەوەی ئەم زانستە. ئەمە و جیا لەوەی ئەم کۆمەڵناسە چەمکگەلێکی زۆری خزاندنی نێو کایەی کۆمەڵناسی لەوانە ( میتۆدی ئاماری، سەرچاوەی ئایین، دینامیکییەتی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، کۆڕەفتار، کۆویژدان.....هتد .

ئەو کۆمەڵناسە کۆمەڵناسی بەسەر سێ بەشدا دابەشکرد:

***مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵایەتی (Social Morphology)** کە بایەخ بە لێتوێژینەوەی بنیادی کۆمەڵایەتی بە واتا باوەکەی لە کۆمەڵناسیدا، دەدات.

***فیزیۆلۆژیای کۆمەلایەتی**، کە بایەخ بە لێوێژینەوەی وەزیفەکانی بنیادی کۆمەڵایەتی و بەشە پێکهێنەرەکانی دەدات .

***کۆمەڵناسی گشتی** کە تیایدا لە ئەنجامی کارلێکی زانستگەلێکی کۆمەڵایەتی پێکهاتەیەك دێتە کایەوە .

ئەو کۆمەڵناسە لە لتوێژینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە پێی وابوو بابەتی هەرە سەرەکی توێژینەوەیەی ئەم زانستەیە، جەختی لەسەر گەڕان بە دوای ئەو هۆکارانەی دیاردەکاندا دەکردەوە، کە گەڵێ جار شاراوەن. هەروەها جەختیشی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە لێتوێژینەوەی کۆمەڵناسی بۆ دیاردەکان جیاوازە لە هی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، لەبەرئەوەی کۆمەڵناسی لە هەموو رووەکەوە بایەخ بە لێتوێژینەوەی دیاردەکان دەدات لەوەی کە پەیوەستن بە کردار و چالاکییەکانی مرۆڤ وەك بوونەرێکی کۆمەڵایەتی نەك هەر تەنها لە رووەکی وەك ئابووری یان سیاسیی ...هتد.

هەر ئەمەش هــۆی فرەلقبــوونی کۆمەڵناســییە بــۆ چەنــد لقێکــی وەك کۆمەڵناسـی خێزان، ئابووری، سیاسـیی و ...هتد .

بەشــداری فکـری و کـارو و توێژینەوەکـانی **(مـاکس ڤیـبەری) (١٨٤٦ – ١٩٢٠)** ئەڵمــانیش هیچــی لە بەشــداری فکــری و کــارو توێژینەوەکــانی دۆرکهــایم کەمتـر نەبـوو، بەتـایبەتی کە ئەو بە جەمســەرێکی هــاوچەرخی کۆمەڵناسـی دادەنرێـت بەهـۆی ئەوەی، کە خـاوەن توانـایەکی بێـوێنە و باڵـای شــیکردنەوە بــووە و کــاری کۆمەڵایەتیشــی (الفعـل الاجتمـاعی) بە یەکەی ســەرەکی شــیکردنەوە لە کۆمەڵناســیدا، دادەنـا، ئەویـش بەلەبەرچـاوگرتنی واتابەخشــی هەمــوو کــارێکی کۆمەڵــایەتی هــی کەســێك و ئەو کەســانەی ئەنجام دەدەن. ئەو هەمیشە جەختی لەسەر دۆزینەوەی پەیوەندی نێـوان هـۆ و ئەنجام دەکردەوە، بەتایبەتی هۆ و ئەنجامی نێـوان دیـاردە کۆمەڵایەتییەکـان، کە بۆ ئەمەبەستەش سـوودی لە میتـۆدی بەراوردکردنـی مێژوویـی، وەرگـرت. ڤێبەر بە نووسـین و توێژینەوەکانی لەبواری پەیوەنـدی نێـوان ئـایین و سـەرمایە (ئەخلاقـی پرۆتسـتانتی و گیـانی سـەرمایەداری)، دەسـەڵات و جۆرەکـانی فەرمــانڕەوایی، کاریزمــا، بیرۆکرســی.... بەشــدارییەکی کــارای هەبــووە لە دامەزران و پەرەسەندنی کۆمەڵناسی بەتایبەتی لە بواری ئایینی و ئـابووری و سیاســیدا، بەتــایبەت کە لەو ســەردەمەدا و هاوکـــات لەگەڵ زێـــدەبوونی پێشـــکەوتنەکان لەم بـــوارانەدا، ئەو یەکێـــك لە دیـــارترین ئەنجامەکـــانی توێژینەوەکـانی ئەوەبـوو، کە پێیوابـوو ئەخلاقــی پرۆتسـتانتی بـۆتە هــۆی برەوسەندنی گیانی سەرمایەداری بیری نرخ دانان بۆ کـۆکردنەوەی سـامان و داهـات لەڕێـی کـارەوە، کە لەبەرجەسـتەبوونی ئەمەشـدا چاکسـازییەکانی سەدەی شانزەهەمی ئایینی مەسیحی رۆڵی سەرەکییان گێڕاوە.

لە وڵـاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکاشــدا بیرمەنـدگەلێك بەشــداری فکـری کارایـان کـرد لەو نێوەنـدەدا، بەتـایبەتی لە سـەدەی نـۆزدەهەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا، کە یەکەم وانە بەنـاوی کۆمەڵناسـی لە لایەن (W.G. Summner) (1840 - 1910) پێشکەشـکرا و لە کتێبـی ((شـێوازە میلییەکانـدا)) ((Folkways)) زۆر پـڕژاوەتە سـەر خستنەبەرباســی چەمکـی کـۆنترۆڵی کۆمەڵـایەتی، هەروەهــا بیروراکــانی ئەو هانــدەری ئەنجامــدانی چەنـــدین تـــوێژینەوە بـــوون لە لایەن ئەوانەی دواتـــر بـــوونە بەناوبـــانگترین کۆمەڵناسانی ئەمریکا .

هاوکـات هەر لەو سـەردەمەدا (لیسـتەر وارد) (L. F. Ward) (1841 – 1913) یەکێـك بـوو لەو کۆمەڵناسـانەی، کە زۆر داکـۆکی لەوە دەکـرد مـرۆڤ دەتوانێـت گۆڕانکـارییە کۆمەڵایەتییەکـان ئاراســتە بکـات و بەشــی هەر زۆری

بەشداری فکری ئەو لە بواری چاکسازیکردنی کۆمەڵایەتییدا بوو لە هەموو بوارەکاندا، هەر لەو ماوەیەدا بەشی کۆمەڵناسی لە چەندین زانکۆی ئەمریکادا کرانەوە. ئەوەی باسکرا بژاردەیەکە لە کۆی بیربۆچوون و بەشداری فکری ئەو بیرمەندانەی بەشداری کارایان هەبووە لە درووستبوونی زانستێك بەناوی کۆمەڵناسی دا.